فەیحان ئەولەویەتەکانی خولی ئەستای پەرلەمان و □□□□وی فەراهەمکردنی یاسای گرنگ ئاشکرا دەکات

عەدنان فیحان، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمڕۆ سێشەممە جەختی کردەوە کە ئەنجومەنی نوێنەران سوورە لەسەر تەواوکردنی تەواوی ئیستیحقاقەکانی تری هەڵبژاردن، هاوکات ڕایگەیاند کە ئەم خولەی ئەستا شایەتی پەسەندکردنی ئەو یاسا گرنگانە دەبێت کە پەیوەندییان بە ژیانی هاووڵاتییانەوە هەیە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕاگەیێندراوێکدا کە دەست ئاژانسی هەواڵی موتەڵەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران عەدنان فیحان، پیرۆزبایی لە کۆمەڵانی خەڵکی عێراق کرد بۆ تەواوکردنی قۆناغی یەکەمی ئیستیحقاقە دەستوورییەکان بە هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکانی، و بەستنی یەکەم دانیشتنی خولی شەشەمی پەرلەمان"، ئاماژەی بەوەش کرد کە "ئەم دەستکەوتە بەرهەمی بەشدارییەکی گەورە و هۆشیارانەی هاووڵاتییانە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا". هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی "هێزە سیاسییەکان و سەرۆک کوتلەکان و ئەندامانی پەرلەمان کرد بۆ پابەندبوونیان بە وادەکان لە جێبەجێکردنی ئیستیحقاقە نیشتمانییەکان و کارکردنی بەردەوامیان لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی سیاسی".

بەپێی ڕاگەیێندراوەکە، فیحان جەختی کردەوە کە "ئەنجومەنی نوێنەران سوورە لەسەر تەواوکردنی

پاشماوەی ئیستیحقاقەکانی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی وادە دەستوورییە دیاریکراوەکاندا"، ئاماژەی بەوەش کرد "سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە دانیشتنی ئەمڕۆیدا دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کردەوە، و نووسراوەکی فەرمی لە چوارچێوەی هەماهەنگی وەرگرتووە وەک گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی". هاوکات جەختیشی کردەوە کە "ئەم خولەی ئێستا شایەتی پەسەندکردنی ئەو یاسا گرنگانە دەبێت کە دەست لە ژیانی هاووڵاتییان دەدەن، و تێیدا ڕۆڵی چاودێری چالاک دەکرێت بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەل، و ئەم خولە دەبێتە ئەمانەتدار بۆ پاراستنی سەروەری نیشتمانی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بنیادنانی عێراقێکی ئارام و گەشەسەندوو".